| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان- عێراق<br>ئەنجوومەنی وەزیران<br>وەزارەتی ناوخۆ<br>لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی<br>ڤایرۆسی کۆرۆنا | Ministry of interior<br>General Directorate of Diwan<br>( ISO 9001:2015 ) | إقليم كوردستان- العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة الداخلية<br>اللجنة العليا لمكافحة<br>جائحة كورونا |

ژمارە : ٦٨٦٠

ڕێکەوت : ١٠ / ١ / ٢٧٢١ کوردی

DATE: ٢٠٢١ / ٣ / ٣٠

## بەیانی ژمارە ( ١٢ ) ساڵی ٢٠٢١

**دوابەدوای بەیانی ژمارە**

**(٣,٥,٦,٨,١٠,١١,١٢,١٣,١٤,١٥,١٦,١٧,١٨,١٩,٢٠,٢١,٢٢,٢٣,٢٤,٢٥,٢٦,٢٧,٢٨,٢٩,٣١,٣٤,٣٥,٣٦,٣٧,٣٨,٣٩,٤١,٤٢,٤٤,٤٦,٤٨,٥٢,٥٧,٥٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ و (١,٦,٧,٨,٩,١٠)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) لە ٢٠٢١/٣/٣٠ و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :**

**یەکەم:** سەبارەت بە قوتابخانە و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە:

١. دەوامکردن لە قۆناغی (١)ی بنەرەتی تا (١١)ی ئامادەیی و پەیمانگاکانی وەزارەتی پەروەردە، حکومی و ناحکومی رادەگیرێت تا ٢٠٢١/٤/١٠ بۆ وانە خوێندن ، ئەو قۆناغانە و پەیمانگاکان تەنها کە تاقیکردنەوەیان مابێت ئەنجامی دەدەن ، بە ڕێنمایی تەندروستیەوە .

٢. قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی لە حکومی - ناحکومی بەردەوام دەبن لە وانە خوێندن و تاقیکردنەوەکانیان بە ڕێنمایی تەندروستیەوە.

**دووەم:** سەبارەت بە زانکو و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:

١. ئەو زانکویانەی کە لە تاقیکردنەوەدان، پرۆسەی تاقیکردنەوەکانیان بەردەوام دەبێت بە پێی ڕێنمایی تەندروستیەوە.

٢. سەرجەم پرۆگرامی خوێندن کە ماوە بە شێوازی ئۆنلاین بەردەوام دەبن.

٣. وانە پراکتیکیەکان لەناو کەمپەسی زانکۆکاندا ، بەرێکاری تەندروستییەوە بەردەوام دەبن.

**سێیەم:** کۆبوونەوە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی راسپارد بە هەماهەنگی لەگەل لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە مزگەوت و کلیسا و پەرستگاکان و تەواوی ناوەندە ئایینیەکان بریاری پێویست دەربکات.

**چوارەم:** ڕاگرتنی ئاهەنگ و بۆنەی کومەڵایەتی و ئایینی و هەر بۆنەیەکی تر.

**پێنجەم:** بەردەوام بوونی قەدەغەکردنی چوونە سەرقەبران و دانانی پرسە لە مزگەوت و لە ماڵان و هەڵدانی خێمە لە کۆڵان و باخچەکان بەردەوام دەبێت و بنکەی پۆلیس و موختاری گەرەك بەرپرسیارن، و هەر کەسێك پابەند نەبێت بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیون دینار پێبژاردن پێ دەدرێت.

**شەشەم:** هۆڵی سینەماکان لە گشت مۆڵ و بازاڕەکان دادەخرێن بە بەردەوامی لە تەواوی شار و شارۆچکەکان لە هەرێم.

ژمارە : ٦٨٦٠

رێکەوت : ١٠ / ١ / ٢٧٢١ کوردی

DATE: ٢٠٢١ / ٣ / ٣٠

**حەوتەم:** داخستنی تەواوی هۆڵەکانی وەرزشییەکان و لەشجوانی و مەلەوانگەکان و هۆڵی بۆنە و ئاهەنگەکان.

**هەشتەم:** قەدەغەکردنی پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری نێرگەلەکێشان لە تەواوی کافی و رێستورانت و یانەکان ، و گشت ئەو شوێنانە لە کاتژمێر (٩:٠٠)ی شەو تا (٦:٠٠)ی بەیانی دادەخرێن و هەر کەسێك پابەند نەبێت بۆ ماوەی (١) یەك هەفتە دادەخرێت و بە بڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیون دینار پێبژاردنی پێ دەدرێت.

**نۆیەم:** ئەو شوێنانەی برگەی (٧)ی سەرەوە پێویستە لە کاتی رێگەپێدراو لە (٦:٠٠)ی بەیانی تا (٩:٠٠)ی شەو خزمەت گوزارییەکانیان لە دەرەوە و باخچەکانیان پێشکەش بکەن و پێویستە مەودای نیوان دوو مێز لە (٢) دوو مەتر کەمتر نەبێت ، و ئەوانەی باخچەیان نیە و خزمەت گوزارییەکانیان لە شوێنی داخراو پێشکەش دەکەن پێویستە بە هەمان شێوە مەودای نیوان دوو مێز لە (٢) دوو مەتر کەمتر نەبێت و تەواوی دەرگا و پەنجەرەکان کراوە بێت و سیستەمی کێشانی هەوا کار بکات بە پێچەوانەوە سزاکانی برگەی (٧)ی سەرەوە بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

**دەیەم:** داخستنی بازار و مۆلەکان و شوێنە گشتیەکان لە کاتژمێر (٩:٠٠)ی شەو تا (٦:٠٠)ی بەیانی ، و هەر شوێنێك پابەند نەبێت بۆ ماوەی (١) یەك هەفتە دادەخرێت و بە بڕی (٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیون دینار پێبژاردنیان پێ دەدرێت.

**یانزدەیەم:** هەموو شوێنە گشتیەکان وەکو (مارکێت، ریستورانت و شوێنە بازرگانیەکان،...هتد) نابێت رێگە بدەن بە چوونەژوورەوەی هاوڵاتیان بۆ شوێنەکانیان بە بێ بەستنی ماسك ، بە پێچەوانەوە ئەو شوێنە دادەخرێت بۆ ماوەی (١٠) رۆژ و خاوەنەکەی بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیون دینار پێبژاردن دەدات.

**دوانزدەیەم:** هەر کەسێك ڕەچاوی بەستنی ماسك نەکات بە پێی رێکارەکانی ئەم بەیانە بە بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار پێبژاردن دەدات.

**سیانزدەیەم:** شوفێری ئوتومبیلەکان بە هەموو جورەکانیەوە (تایبەت ، بارهەڵگر ، کرێ) لە کاتی هەبوونی سەرنشین لە گەڵیاندا پێویستە شوفێر و سەرنشین پابەندبن بە بەستنی ماسك ، بە پێچەوانەوە بە بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار بۆ هەر سەرنشینێك شوفێر وەك پێبژاردن دەدات.

**چواردەیەم:** دەوامی فەرمانگەکانی حکومی لە رۆژانی یەکشەممە تا چوارشەممە بەردەوام دەبێت و لە رۆژانی پێنج شەممە دەوام ڕادەگیرێت.

هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا

Ministry of interior
General Directorate of Diwan
( ISO 9001:2015 )

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
اللجنة العليا لمكافحة جائحة كورونا

ژمارە : ٦٨٦٠
رێکەوت : ١٠ / ١ / ٢٧٢١ کوردی
DATE: ٢٠٢١ / ٣ / ٣٠

**پانزدەیەم:** بەهێزکردن و بەردەوامی دان بە هەڵمەتی هوشیاری تەندروستی بە تایبەتی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو جورەکانیەوە بە پێی یاسای رێکخستنی ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩ و بەشداربوونی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دەزگای حکومی و کەرتی تایبەت و گشت چین و توێژەکان بە تایبەتی بەرپرسانی حکومی و حزبی و کەسایەتی کومەڵایەتی لە هەڵمەتی پابەندبوون بە رێکارە تەندروستیەکان.

**شانزدەیەم:** راگرتنی هاتووچۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق لە رۆژانی پێنج شەممە و هەینی و شەممە ، جگە لە ئاژانس و رێکخراوەکانی (UN) و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و هاوپەیمانان و دیپلۆماتکاران و شاندە فەرمییەکان و هاتووچۆی بازرگانی و ئەو هاوڵاتیانەی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن کە پێویستە لە بازگەکان لە کاتی هاتنیان تێستی کۆرۆنا ئەنجام بدەن.

**هەڤدەیەم:** پێویستە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت فەرمانبەر و کرێکارەکانیان پابەند بکەن بە بەستنی ماسك و جێبەجێ کردنی رێنماییەکانی خۆپارێزی لەو دامەزراوەیە ، بە پێچەوانەوە بە بڕی (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێك پێبژاردن بەو دامەزراوە دەکرێت.

**هەژدەیەم:** فەرمانگە حکومییەکان بەردەوام دەبن بە جێبەجێ کردنی رێکارەکانی خۆپارێزی و لە لایەن وەزیری پەیوەندیدار چاودێری جێ بە جێ کردنی ئەو رێکارانە دەکرێت بە پێی بەیانی ژمارە (٥٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ ماددەی حەفتەم ، و دەسەڵات دەدرێت بە پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان رێکاری یاسایی بەرامبەر بەرێوەبەر و فەرمانبەرە کەمتەرخەمەکان وەربگرن.

**نوزدەیەم:** پێویستە ژووری ئۆپەراسیونەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و گشت یەکە کارگێریەکانی تر ئەم بەیانە جێبەجێ بکەن و بەرپرسیارەتی جێبەجێ نەکردنی ئەم بەیانە دەکەوێتە ئەستۆیان.

**بیستەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٣/٣١ کاتژمێر (٩:٠٠)ی شەو جێبەجێ دەکرێت و تا ٢٠٢١/٤/١٠ بەردەوام دەبێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

رێبەر احمد
وەزیری ناوخۆ
سەرۆکی لێژنەی باڵا

هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی
ڤایرۆسی کۆرۆنا

Ministry of interior
General Directorate of Diwan
( ISO 9001:2015 )

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
اللجنة العليا لمكافحة
جائحة كورونا

ژمارە : ٦٨٦٠
ڕێکەوت : ١٠ / ١ / ٢٧٢١ کوردی
DATE: ٢٠٢١ / ٣ / ٣٠

وێنەیەک بۆ:-

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان / نوسینگەی بەرێز ڕاوێژکار/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- ئەنجومەنی پارێزگای (هەولێر ، سلێمانی ، دهوك ) / بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سکرتاریەت / بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی میدیا و زانیاری ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە/ نوسینگەی سەرۆکی فەرمانگە/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی داد/ ب.ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- گشت پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- یەکەکانی (٧٠ و ٨٠) / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان ، بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن
- بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر ، بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرك/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرماندەی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- دەروازە سنوورییەکانی (ئیبراهیم خلیل ، حاجی ئومەران ، باشماخ ، پەروێزخان ، سەرزێر) و هەر دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتییەکانی نشینگە لە پارێزگاکان / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- خولاو.